# بزووتنــــەوە نــــوێیە کۆمەڵایەتییەکـــان: لــــە ئایدیۆلۆژییەوە بۆ ناسنامە

**پێنووس** 05, 06, 2018

ناوەنـد و چەقـی گرنگیپێـدانی بەشێـك لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان، بەتـایبەتی زانسـتە سیاسـییەکان، لـە ڕوانگەیەکەوە بریتییە لە نەزم و سەقامگیریی سیاسی لە لایەك و، نەبوونی ئەوانە لە لایەکی دیکەوەیە. لە کۆنـەوە ناسـەقامگیرییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـان، نـاڕەزایەتی و شـۆڕشـە کۆمەڵایەتییەکـان، بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکـان، ڕیفـۆرم و شـۆڕشـەکـان وەکـوو چەمکگەلێکـی تیـۆری بـۆ هۆکـاری گـۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکان و، هەروەها پرۆسە و ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییانە و ئاسەوار و لێکەوتەکانی و دستکەوتەکانی، جێگەی بایەخی بیرمەندانی سیاسی بووە. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەگەلێك بوونە کە کەم تا زۆر ڕەگەز و چەمکەکانی تری گۆڕانکاریی سیاسـییان لـە خۆیانـدا هەڵگرتووە. بـەم پێیەیش، لـە دەیەکـانی سـەرەتای سەدەی بیستەم، هەوڵی بەرفراوان بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بەو گۆڕانکارییانە و چۆنێتی و هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەو دیاردانە دراوە.

تیۆرییە نەریتییەکان دەربارەی چۆنێتیی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی و دروستبوون و سـەرهەڵدانی بارودۆخی شـۆڕش، واتـا تیۆرییەکـانی خەبـاتی چینـایەتی و یەکگرتـوویی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کاریزمـا و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، ڕیاڵیزم و دەروونناسیی تاکگەرایانە بوو. بۆیە هەر یەکە لە کارڵ مارکس و ئێمیل دۆرکهایم و ماکس ڤیبەر و پارێتۆ و ئەلێکسی دۆتۆکڤیل و...، ڕوانگەیەکی جیاوازیان خستۆتە ڕوو.

ئەم تیۆرییە نەریتییانە کە زیاتر لەسەر هەلومەرجی شۆڕش و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاریان دەکرد، هەوڵیان دەدا کە مۆدێلێکی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ هەموو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان تیۆریزە بکەن. بۆیـە ئـەم تیۆرییانە بـە نەوە/جیلـی یەکەمـی تیۆرییەکـانی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی هەژمـار دەکرێـن. بەڵام لـە نەوە/جیلی دووەمی تیۆرییەکان، بیرمەندگەلێك وەکوو "ئێسمەلسەر"، "جۆنسۆن"، "دیڤیس وگار" هەوڵیان دەدا بـە کەڵکـوەرگرتن لـە پـارادایمی "مۆدێرنیزاسـیۆن" هۆکـار و کـاتی ڕوودانـی شـۆڕشـەکـان شرۆڤـە و دەستنیشان بکەن، کە ئەوەیش کەوتە بەر ڕەخنەی بیرمەندانی پاش ئەوانەوە. پاشان بەرهەمەکانی زانایانێك وەکوو "ئازێنشتایت"، "پیگ" و "ڕیچارد تیلی" و "تریمبەر گێرد سکاچپۆل" وەکوو ڕوانگەی جیلی سێیەم دەرخرێنە ڕوو، کە زیـاتر بـە ڕوانگەی پێکهاتەیی یـاخود سـتراکچرالیزم دەناسـرێت؛ بـەم واتـایە کـە ئـەم بیرمەندانە هەوڵیان داوە کە ستراکچەری دەوڵەت، گوشارە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵگەی جووتیاری، هێزە چەکدارەکان و ڕەفتاری دەستەبژێرەکان بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی سـەرهەڵدان و ڕوودانی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام "جۆن فۆرن" بۆ ئەم دابەشکردنەی "ئێسکاچپۆڵ" جیلی چوارەم زیاد دەکات و، بڕوای وایە کە نەوەی چوارەمی تیۆریسییەنەکانی دروستبوون و سـەرهەڵدانی بزووتنەوە و شۆڕشـە کۆمەڵایەتییەکـان زیـاتر گرنگـی بـە خوێنـدنەوەی هۆکارگەلێـك وەکـوو: پەرەپێـدانی ناهاوسـەنگیی سەرمایەداری، داتەپینی لەناکاوی ئابووری، هەلومەرجی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبـەران، قەیرانەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و هاوپەیمانێتییەکانی دەرهـاوێشتەی ئـەم قەیرانـانە،

ڕۆڵی دەوڵەت و سەرکوتکاری، ئایدیۆلۆژی و بنەما کەلتوورییەکانی ناڕەزایەتیی سیاسی و هەلومەرجی گونجاو و کرانەوەی سیستەمی جیهانی دەدەن.

بەشەکانی ئەم پەرتووکە لە ساڵی 1994 لە لایەن کۆمەڵێك نووسەر و خاوەن ڕای تایبەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نووسراوە. ڕوانگەی سەرەکیی ئەم پەرتووکە، لەسەر تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانە. نووسەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە دوو دەیەی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، هەموویان لە چوارچێوەی بزووتنەوەکانی ئاشتی، ناڕەزایەتی لە دژی وزەی ناوکی، بزووتنەوەی خوێندکاران و قوتابیان، نەتەوەگەراییی کەمینەکان، مافی هاوڕەگەزخوازەکان، ژنان، ئاژەڵان، بزووتنەوە مەزهەبییە بناژۆخوازەکان و بزووتنەوەکانی سەردەمی نوێ، دەرکەوتوون و سەریان هەڵداوە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوانە لە چوارچێوەی نەریتەکانی باو و زاڵی شیکردنەوەی ئەورووپییەکان نەدەگونجان یاخود واتایان نەبوو، بەڵکوو لەم ساڵانەی دواییدا بوو کە "ڕەفتار و کردەوەی بەکۆمەڵ" بە واتای توانای گرووپەکان بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە و ڕێبەرایەتیکردنی ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای کردەوەی بەرنامەڕێژکراو و کردەوەی عەقڵانی خوێندنەوەی بۆ کراوە.

چەمك و واتای بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بە مانای گۆڕانکارییەکانی بواری فۆرم و چوارچێوەی پێکهاتە یاخود ستراکچەر و، هەروەها کردەوە و ڕەفتاری بزووتنەوەکانی سەردەم و پەیوەندییان لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانەیش ڕیشەی لەم گۆڕانکارییانەی سەردەمی ئێمەوە هەیە. لە ڕوانگەی نووسەرانی ئەم پەرتووکەوە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پۆلین دەکرێت:

**یەکەم:** بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی دیاریکراو و ڕۆشنیان لەسەر ڕۆڵی پێکهاتەییی بەشداریکەران نییە؛ بەم واتایە کە لە سەرووی پێکهاتەی چینایەتین و، پێگە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان وەکوو گەنجایەتی، ڕەگەز، ڕوانگە و هەڵوێستی ڕەگەزی و پیشەیی و...، لەخۆ دەگرن.

**دووەم:** تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان لە دژایەتییەکی ئاشکرا و ڕوون لەگەڵ بزووتنەوەکانی چینی کرێکار و ڕوانگە و تێڕوانینی مارکسیستی، لە ئایدیۆلۆژی وەکوو ڕەگەزێکی کۆکەرەوەی یەکێتی و یەکگرتوویی‌خوڵقێنی گشتگیر بۆ ڕەفتاری بەکۆمەڵدایە. لە ڕوانگەیەیك ترەوە، ئەم بزووتنەوانە فرەیییەکن لە بیروبڕوا و بەهاکان، بەرفراوانکردنی سیستەمی بەشداریی ئەندامان لە بڕیاردروستکردنی بەکۆمەڵ، چالاکیی بەرەو بەدیموکراتیککردنی ژیانی ڕۆژانە و بەرفراوانکردنی ڕەهەندی مەدەنی و شارستانییە بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندە سیاسییەکانی بزووتنەوە نەریتییەکان.

**سێیەم:** بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشە و بانگەوازی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسنامە و شوناسە نوێیەکان دەکەن. بەم واتایە، ناڕەزایەتییەکان و هۆکارەکانی کۆکردنەوەی تاکەکان لە دەوری پرس و بابەتێکی کەلتووری و هێمایی کە پەیوەندیی لەگەڵ بابەتە ناسنامەییەکاندایە دەخولێتەوە یاخود دەسووڕێتەوە، نەك لە دەوری ناڕەزایەتی لەسەر پرسێکی ئابووری کە بزووتنەوە کرێکارییەکانی پێناسە دەکرد. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەم بزووتنەوانە بە کۆمەڵێك لە بیروبڕواکان، هێماکان، بەهاکان و واتاکانی دەربارەی هەستی ئەندامبوون و ئۆگری بە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز، وێنای تاکەکان لە "خود" و

ڕوانگە نوێیەکانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ڕۆژانە گرێ داروە. ئەمەیش بە هۆی ئەوەی کە ناسنامە نوێیەکان لە جیهانی مۆدێرندا دروست بوونە یاخود ڕۆ نراون.

**چوارەم:** لە بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵ نادیار و ناڕوونە. بەم واتایە کە لەم چەشنە بزووتنەوانە کە بنکەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابووریيان نییە، بزووتنەوەکە دەبێتە ناوەندێك کە تیایدا تاکەکان پێناسەی تاکەکەسیی خۆیان لە بزووتنەوەیەکەدا دەناسێنن و چالاکیی ناوخۆی بزووتنەوەکە بە شێوەی تێکەڵاوێك لەو ناسنامانەی کە دیانەوێت لە ئاستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ خۆیان بسەلمێنن بەرجەستە دەبێت.

**پێنجەم:** بزووتنەوە نوێێە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کاتەکان دێنە ناو ڕەهەندە تاکەکەسی و تایبەتییەکانی مرۆڤ. پرسگەلێکی وەکوو گۆڕانکاری لە ڕەفتاری سێکسی و جەستەیی، مافی هاوڕەگەزخوازەکان، لەباربردنی کۆرپەلە، مادده هۆشبەرەکان و هاوشێوەکانیان، گرێدراونەتە بوارەکانی تایبەتی ژیانی مرۆڤەکانەوە.

**شەشەم:** شێواز و چوارچێوە و مۆدێلەکانی کۆبوونەوەی تاکەکان لە بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر بنەمای نافەرمانیی مەدەنی و ناتوندوتیژییە، کە جیاواز لە بزووتنەوەکانی پێشووتر وەکوو بزووتنەوەکانی کرێکارییە. هەروەها هەوڵ دەدەرێت کە لە ستراتیژییە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە وەکوو ستراتیژیی ناتوندوتیژیی گاندی، کرۆپۆتکین و...، کەڵك وەربگیرێت.

**حەوتەم:** ڕێکخستن و بەرفراوانبوون و بەربڵاوبوونی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بەو هۆکارەیە کە حزبە نەریتییە جەماوەرییەکان بوونەتە هۆی بێزاری و نامۆبوونی تاکەکان و، هەروەها کەناڵە نەریتییەکانی بەشداری لە دیموکراسییە باوەکان بوونەتە جێگە ناڕەزایەتی و ڕەخنەی تاکەکان.

**هەشتەم:** بەپێچەوانەی بیرۆکراسییەکانی ناوەندگەرای حزبە سیاسییەکانی نەریتی و جەماوەری، ڕێکخراوەکانی بزووتنەوە نوێێە کۆمەڵایەتییەکان حەزیان لەوەیە، کە بە شیوەی کەرت کەرت، بەرفراوان و بەربڵاو و ناناوەندی بن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم پەرتووکە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاتی بۆ ئەم پرسیارانەی کە لە سەردەمی ئێستادا ڕووبەڕووی حزبە سیاسییەکان و بزووتنەوە کلاسیکییەکان و حکوومەت و حوکمرانی و...، لە بوار و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە کراوە. زۆربەی بەشەکانی ئەم پەرتووکە گرنگی بە گریمانە بنەڕەتییەکانی ڕوانگەی پێکهاتەگەراییی کۆمەڵایەتی دەدات. هەروەها ڕوانگە مۆدێرن و نەریتییەکان بە مەبەستی شیکردنەوە و ناساندنی باشتری بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە گرێ دەدات یاخود ئاوێتەیان دەکات. ئەم پەرتووکە بە پێداگری و جەختکردنەوە لەسەر سێ پرس و بابەتەی سەرەکی، دەچێتە ناو دیبەیت یاخود مشتومڕە تیۆرییەکانەوە:

1. ڕۆڵی ناسنامە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
2. پێگە و شوێنی ئایدیۆلۆژی و پەیوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان
3. ناسنامەی بەکۆمەڵ و ئەو پرسانەی کە دەربارەی بەردەوامیی دامەزراوەیی و بڕوایی کە لە فۆرمە سەردەمییانەکانی بزووتنەوەکاندا دروست دەبن.

**پەرتووكەكە لە چواردە بەش پێك دێت:**

**بەشی یەكەم/** لە لایەن: لارنا، جۆن ستۆن و گاسفیلد

**ناسنامەكان، ناڕەزایەتییەكان و بزووتنەوە نوێیە كۆمەڵایەتییەكان**

**بەشی دووەم/** لە لایەن:  داگ لێگ ئادام

**كەلتوور و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان**

**بەشی سێیەم/** لە لایەن: جۆزێف گاسفیلد

**خۆگونجاندنی بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان: ڕەفتاری بەكۆمەڵ و دووبارە پێداچوونە بە تیۆریی كۆمەڵگەی جەماوەری**

**بەشی چوارەم/** لە لایەن: ڕاڵف ترێندە

**ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیا پاش سۆسیالیزم**

**بە شی پێنجەم/** لە لایەن: ئالبێرتۆ ملێۆچی

**ڕەهەندە نوێیەكانی بزووتنەوە نوێیە كۆمەڵایەتییەكان**

**بەشی شەشەم/** لە لایەن: جۆن. دی. مەك كارتی

**بزووتنەوە لە دژی لێخوڕینی سەیارە (ئۆتۆمبێل) بەسەرخۆشی**

**بەشی حەوتەم/** مۆدێل و چوارچێوەكانی ئەندامێتی لە بزووتنەوەی ئاشتیی هۆلەندا

**ناسنامەگەلێك لە قۆناغی گواستنەوەدا**

**بەشی هەشتەم/** لە لایەن: هانت، بێنفۆرد و سنۆ

**گۆڕەپانەكانی ناسنامە لەگەڵ پرۆسەكانی دیزاینكردن و بنیاتەكانی كۆمەڵایەتیی بزووتنەوەكان**

**بەشی نۆیەم/** لە لایەن: ئێنریك لارنا

**بەردەوامی و یەكپارچەیی لە چەشنە نوێیەكانی ڕەفتاری بەكۆمەڵ: شیكردنەوەیەكی بەراوردكارانە دەربارەی بزووتنەوە خوێندكارییەكان**

**بەشی دەیەم/** لە لایەن: كار دێل سۆلەر

**تۆڕەكانی پێكناكۆكی و ڕیشەكانی ئازادیی ژنان**

**بەشی یازدەیەم/** لە لایەن: هانك و جۆنستۆن

**بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەگەراییی کۆنی ناوچەیی**

**بەشی دوازدەیەم/** لە لایەن: مێت زابە

**سەوزەکان، ئارابانەچی و دژە کۆمۆنیستەکان: ڕەفتاری بەکۆمەڵ لە نێوەندی خولی گواستنەوە لە ڕژێم لە هەنگاریا**

**بەشی سێزدەیەم/** لە لایەن: خۆزە ئێلوازێرـ فانکۆ

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئیسپانیای مۆدێرن: لە کۆدێلی پێش جەنگی ناوخۆ تاوەکوو بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم**

**بەشی چواردەیەم/** ئێستا دەبێت چی بکەین؟

**کۆتاییی حزبە سیاسییەکان**

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


1. Joseph R. Gusfield, Johnston, Enrique Larana, (1994); **New Social Movements: From Ideology to Identity**, Temple University Press.

انریك لارنا و دیگران، جنبش های نوین اجتماعی، مترجمان: سید محمد کمال سروریان و علی صبحدل، پژوهشکده مطالعات راهبردی، 1387.